# دیمانەی رۆژنامەوانی لەگەڵ( دەشتی جەمال) بەرپرسی فیدراسیۆن لە رۆژنامەی رزگاری، ئۆرگانی پاری کاری سەربەخۆی کوردستان

## بەرواری 1ی ئازاری 2007، ژمارە 178 پینج شەمە بلاوکراوەتەوە

**پ/ تۆ لەنامەیەکدار کە ئاراستەی رێزدار سەرۆکی حکومەتت کردبوو گوتبووت کە پەیوەندییەکی نهێنی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەریتانیا هەیە بۆ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران لەبەریتانیا , دەکرێ ئەمە زیاتر روون بکەیتەوە ؟ وە ئەمەت چۆن بۆ ئاشکرابوو ؟**

ئاشکرا بوونی رێکەوتنی سێ لایەنەی نیوان حکومەتی هەریمی کوردستان و حکومەتی عیراقی و حکومەتی بەریتانیا دوای چەند جار کۆبوونەوەی رەسمی نیوان نۆینەرانی رێکخراو و مەڵبەندە کوردی وعیراقیەکان وبەئامادەی نۆینەری بالۆیزخانەی عیراقی لەلەندەن و نۆینەری حزبەکان وپاش فشاریکی گەورەی کۆمەلایەتی و بەدوای نارەزایەتی توندمان بەدژی سیاسەتی بەزۆری گەرانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان سەرەنجام ئەم پەیوەندیيە نیهنیيەی نیوان حکومەتی هەریم و دەولەتی بەریتانیا ئاشکرا کراو پەردەی لەسەر هەلدرایەوە ،نۆینەری حکومەتی بەریتانیا لەکۆبوونەوەی 27–11–2006 بە ئامادەبوونی ئێمەو رێکخراوە کوردی و عیراقیەکان کەمن یاداشت نامەیەکم ئامادەکردبوو چەند خاڵی سەرەکی تیدابوو کە نارەزایەتی توندی ئێمەو پەنابەران دژ بەسیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و بەرەسمیت ناسینی ماڤ پەنابەری بە پەنابەرانی کورد بەعنوانی قوربانیانی جەنگ و نائارامی تیا هاتبوو وەچەند خاڵی تر خرایە بەردەم رێکخراوەکانی تریش سەرئەنجام 27 رێکخرای کوردی و عیراقی و لایەنی سیاسی ئیمزایان لیدا وە نۆینەری دەولەتمان لەوکۆبوونەوەیە ناچارکرد وەلام بداتەوە بەو یاداشت نامەیە لەژیر گوشاری ئێمەدا سەبارەت بەخواستی یەکەمی یاداشت نامەکە ئەوان پیان راگەیاندین سورن لەسەر سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەرانی کورد وە بەپێ رێکەوتنێك کە لەسالێ 2005 لەگەڵ هەردوو حکومەتی عیراقی وە حکومەتی هەرێم ئیمزایان لیداوە ،زیاتر لەمانە لەنامەی رەسمی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا کەلە2–2–2007 بلاوکراوەتەوە بەئاشکرا جۆری هاوکاری حکومەتی هەریمیش رادەگەیەنێت کە ئێمە لەناوەندی هەولگری فیدراسیۆن دەقەکەیمان بلاوکردۆتەوە دەتوانن لەماڵپەرە کوردیەکان بەرچاوتان کەوێت ،بیگومان ئێوەش دەزانن ماوەی دووساڵە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بەرێوە دەچێ بۆ تەنها جارێکیش حکومەتی هەریمی کوردستان نارەزایەتیان دەرنەبریوە نەك هەرئەمانە بەڵکو هاوکاری ئەم پرۆسەیەیان کردوە تەنها نمونەی رۆژی 12–2–2007 کە 38 پەنابەری کورد بەکەلەپچەو فرۆکەی سەربازی رەوانەی فرۆکەخانەی هەولێر دەکرێتەوە وە ئێمەو نۆینەری فیدراسیۆن بەریز (بەشدار عەلی )بە بەریز دکتوری (نوری عوسمان )سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران رادەگەیەنیت کە چەند کاتژمیرێکی تر فرۆکەیەکی سەربازی دەنیشیتەوە و پەنابەرانی تیدایە ئەگەر نارازین مەهیلن ئەم کارەساتە روو بدات بەداخەوە ئەوان نۆینەری فیدراسیۆن دەستبەسەر دەکەن و موبالی لێ دەسێنن وەتەنانەت لەجێگای رەسمی فرۆکەخانەی نیو دەولەتی هەولێر و لە شاشەکانی تەلەفوونی فرۆکەخانەو دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامە نووسان شارایەوە، نەك هەر ئەمانە بەڵکە لەشوێنی گەشتیاری ئاساییەوە نەیان هینابوونە ژوور و فرۆکەکەش لە ناوچەی گارگۆ کە مەخزەنی فرۆکەخانەکەیە وەرگیرابوونەوە ، ئەمان هەموو سەلمینەری ئەوەن کە اتفاق هەیە وە بروامان وایە حکومەتی بەریتانیا بەبێ هاوکاری حکومەتی هەریمی کوردستان ئەم کارەی پێ ناچیتە پێشەوە ..،وە ئێستا دوایی گوشارێکی گەورەی کۆمەلایەتی لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران رای دەگەیەنن نارازین بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران دوایی دووساڵ بێ دەنگی .. کە ئێمە ئەم هەڵویستەمان پێ کافی نی یە و چەواشەکەرانەیە پێویستە وەلام بەخواستەکانی تەواوی پەنابەران بدەنەوە کە لەنامەی مندا ئاراستەی بەریز (نیچیرەڤان بارزانی) کراوە.

**پ2/ ئێوە چ هەنگاوێکتان هەڵگرت بۆ نەناردنەوەی ئەو پەنابەرانە و بەرنامەتان چی یە و وە هەڵوێستی خودی ئەو پەنابەرانە چییە ؟**

ئێمە وەك فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بە هاوکاری چەند رێکخراوی ئینسان دۆست و پەنابەری و چەند ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا کەمپینێکی سەرتاسەریمان راگەیاند بۆ پۆچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی یەی دەولەتی

بەریتانیا زنجیرەیەك خۆپیشاندانمان ئەنجام دا لەشاری مانچستەر و لیستەر و لەندەن وە برایز نۆرتن بەردەم فرۆکەخانەی سەربازی بەریتانیا شارەکانی تر ،کەمپینی ئیمزاکۆکردنەوەمان راگەیاندوە پەیوەندیمان کردوە بە رێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی کە ئەوان دەست بەجیّ ئیدانەی ئەم سیاسەتەیان کرد وە من لەگەلّ بەرپرسێکی بالایّ UNHCR کە لەجینیفەوە هاتبوو چەند رۆژ بەر لەئیستا کۆبوو مەوە وە ئەوان نامەی یان ئاراستەی حکومەتی بەریتانیا کردوە کە هیچ پەنابەرێك بەزۆر نەگیرنەوە وە داوای هاوکاریان لەئێمە کردوە لەسەر کەیسی ئەو پەنابەرانەی کەلەکوردستانەوە هەلّدین و داوای پەنابەری دەکەن ، وەبریارە لەمانگی سیّ دا لەسەر بانگهیشتی UNHCR بچمە برۆکسیل لەگەل بەشی ئەوروپای UNHCR کۆبمەوە سەبارەت بەکیشەو گرفتەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی لەسەرتاسەری وولاتە ئەوروپیّ یەکان ،و چەند ئەندام پەرلەمانی بەریتانیاو و ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا و بەرەیەکی دژی ناردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق پێك هێناوە کە چەندین رێکخراو نیهادی پەنابەری و ئینسانی و لایەن و ئەندام پەرلەمان ئەندامە تیادا کاری جدی دەکەن بۆ بەرگری لەخواستەکانی پەنابەران ، لەکۆتای ئەم مانگەدا کۆبوونەوەمان داناوە لە پەرلەمانی بەریتانیا ..هەروەها سەبارەت بەو پەنابەرانەی گیراون هەر ئیستا پارێزەرمان بۆ زۆریان گرتووە وە زۆربەیان ئازاد کراون وە تەنانەت چەند کەیسێکی کەرکوك کە گیرابوون لەو وەجبەیەدابوون بیان نیرنەوە بەهەولّی ئێمە و تیگەیاندنی لایەنەکان خۆشبەختانە ئازاد کران، . دەستمان داوەتە رێکخستنی خەبات و نارەزایەتێکانی پەنابەران و دەست بردن بۆ کاری دەستەجەمعی وخۆپشاندان و پیکیتی تەبلیغاتی بەرفراوان خەریکی کۆبوونەوەی گشتی پەنابەرانین لەسەر نەخشەکاری ئایندەمان بۆ راگرتنی ئەم بەلایە بەسەر سەری پەنابەرانەوە ، رووەمان کردەوتە رێکخراوە ئینسانی و دیفاع لەمافی پەنابەری و یەکیتی کرێکاری ، ئەحزابی چەپ و سۆسیالیستەکان وخەلّکی ئازادی خوازی بەریتانیا بۆ راکیشانی پشتیوانی و هاوکاریان بۆ شکست پیهینانی ئەم سیاسەتە دژی پەنابەریی و تەنانەت لە چەند وولاتی ئەوروپاوە هەلسوراوانی فیدراسیۆن نامەی نارەزایەتیان کردۆتە سەر بالۆیزخانەکانی بەریتانیا و بەردەوام دەبین تاسەرتاسەری کردنەوەی ئەم خەباتەی پەنابەران بۆ ئەوەی بتوانیین لەم هەنگاوەدا فریای ژیانی دەیان پەنابەری کورد بکەوین کە هەرەشەی ناردنەوەیان لەسەرە ، لەکوردستان خەریکین ئەو پەنابەرانەی نیراونەتەوە رێکبخەین ..،فیدراسیۆن ئەو سەنگەرەیە کە دەنگی نارەزایەتی یەکانی پەنابەران وەبۆ سەرجەم خواستەکانی تری پەنابەران لەچەشنی مافی نیشتەجیّ بوون وەرگرتنی مافی پەنابەریتی سیاسی تێدەکۆشیّ.

بەراستی پەنابەران زۆر توورەن بەتایبەتی بەدوای ئاشکرابوونی ریکەوتنی نیوان حکومەتی هەریم و حکومەتی بەریتانیا بەدەیان پەنابەر لەشارو وولاتەکانی ئەوروپا وکەنداو ئوستралیاوە پەیوەندیان بە ئێمەوە کردوە و ئامادەن هاوکاریمان بکەن لەم خەباتەی کە پەنابەران لەژیر چەتری فیدراسیۆن بەرێیان خستووە وە نۆینەرانی چەند رێکخراوی کوردی ئامادەی هاوکاریان نیشان داوە ،پەنابەران بەهیچ شێوەیەك نایانەویت بگەرینەوە و ریزەکانی خۆیان رێخستووە و لەدەوری ئێمە کۆدەبنەوەو ئامادەن ئەم هەنگاوەی ئیستای بکەینە سەرەتایەك بۆ خەباتێکی فراوانتر و شارستانیانە تا تەواوی خواستەکانمان بەسەر دەولەتان داسەپێنێن وە بەر بەم جیاکاریە بگرین بەپشتیوانی خەلّکی ئازادی خوازی دنیا و ورێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکان تا بەدی هینانی ئایندەیەکی ئینسانی بۆ پەنابەران.

## پ3/ بەلاّم دەزگاکانی راگەیاندن ئەم رۆژانە بلاّویان کردەوە کە ئەم پەنابەرانە بە ئارەزووی خۆیان رەوانەی کوردستان کراونەتەوە ؟

بەراستی ئەوە ئیدعایەکی بیّ بناغەیە کە لەلایەن هەر جیهەتێکەوە بلاوکرابیتەوە ،داپۆشینی راستی یەکانە ئەو پەنابەرانە لەکاتی ئیمزاکردنی پۆلیس وەیان لەحەملەی شەوانەدا دەستگیرکراون دوای ئەوەی ماوەیەك لەگرتووخانە دەستبەسەرەکاندا راگیرون پاشان پیچەوانە بەخواستی خۆیان نیراونەتەوە وەتەنانەت هیچ فۆرمێکیان ئیمزا نەکردوە تا بەخواستی خۆیان گەرابنەوە ،ئەمانە بەکەلەپچە وە فرۆکەی سەربازی نیراونەتەوە ئەمە چ جۆرە ئارەزوویەکە.

## پ4/ ئیوە چ داوایەکتان لەخەلّکی کوردستان و کەس و کاری پەنابەان لەدەرەوەی کوردستان هەیە ؟

داواکارین لە خەلّکی کوردستان و کەسو کاری ئەو پەنابەرانە بە هەر ریگایەك پیان دەکریّ خۆپیشاندان بەرنە بەردەم حکومەتی هەریمی کوردستان پەرلەمانی کوردستان و UNHCR لەکوردستان وە یان یاداشت نامەی نارەزایەتی ئامادەبکەن وە ئێمە نۆینەری فیدراسیۆنمان هەیە لەشاری هەولێر کە ئامادەیە هاوکاری ریکخستنی ئەم نارەزایەتیانە بدات

تا ئەو لایەنانە ناچاربکەن دەست لەیەخەی رولەکانیان بکەنەوە کایە بەژیان و چارەنووس و ئایندەی پەنابەرانی کوردستانەوە نەکەن لەم سیاسەتەیان دەست هەلگرن چونکە بەراستی سەریکی ئەم سیاسەتەی حکومەتی بەریتانیایە سەرێکی تری پەیوەندی لەگەل سیاسەت و مامەلەیەکە کەئەحزابی کوردی بەکیشەی پەنابەرانەوە رەچاویانکردووە، لە چەند سالێ رابردوودا ئەم حیزبانە مەسەلەی پەنابەرانیان بۆ مەبەستی شەرعیەت دان بەدەسەلاتیان و رەواج پیدانی لەنیو موناسەباتی دەولەتاندا بەکار هیناوە و لەهەموو دانیشتن و دیدارەکانیاندا لەگەل وەزارەتخانەو قونسولیەی دەولەتانی ئەوروپادا رینیشاندەری گیرانەوەی پەنابەران و بەرگرتنیان بوون بۆ هاتنەدەرەوەی پەنابەران. لەکەس شاراوەنیە کەبەرپرسیارانی بنکەکانی یەکیتی وپارتی لەدەرەوە و بازگەکانی سەرسنور چ خزمەتیکیان پیشکەشکردووە! کۆپی کردنی پاسپۆرت تا پیشکەشکردنی زانیاری لەسەر ئەوانەی کە لەدەرەوەن، تا ناساندنی کوردستان بەولاتیکی دیموکراسی و ئازاد و پیرەوکەری مافی مرۆ .. هەموو بۆ ئەوە بووە کە لەباری سیاسی و هەنگاوی عەمەلیەوە کۆمەك بەدەولەتانی ئەورپابکەن بۆگیرانەوەی پەنابەران. لەپێناو وەرگتنی ئیمتیازات وخۆبردنەپیشەوەیان وە...هاوکات داواکارین ئەحزاب و رێکخراوە جەماوەری و پێشەیەکان لەکوردستان نامەی نارەزایەتی بنوسن ورۆژنامەکان گۆشەیەك لەرۆژنامەکانیان تەرخان بکەن بۆ کیشە و گرفتەکانی پەنابەران لەدەرەوە ئاورێکی جدی بدەنەوە بۆ هاوکاری کردنیان .